گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کەموکورپییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوای ریفۆرمی ساڵی ٢٠٠٧

**د.هەڤال حسین سعید**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر. هەرێمی کوردستان، عێراق.
haval.saeed@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:
پەسەندکردن:
بڵاو کردنەوە: پایز٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Education, Education System, Shortcomings, Kurdistan Region, Educational Congresses, Reform May 22-24, 2007.

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.4.2

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی کەموکورییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت دوای ریفۆرمی 22-24 ئایاری ساڵی 2007 تا 2015. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر لە چوارچێوەی باکگراوندێکی تیۆری باس لە رەوشی پەروەردەو سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ هەموو ئەو کۆنگرانەی بەستراون بۆ سیستەمی پەروەردە لەساڵی 1993 وە تا ساڵی 2015. دواتر بە پشت بەستن بە زانیارییە کۆکراوەکان و سەرچاوەکان، کەموکورپییەکانی ئەم سیستەمەی لەشەش خاڵ بەدرێژی دیاریکردووەو و شییکردوونەتەوە. لە ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر بۆی دەرکەوت، کە لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەدوای ئایاری ساڵی 2007 بووبە خاوەن سیستەمێکی نوێی پەرەوەردەیی تایبەت بەخۆی، بەڵام پێکهاتەی ئەم سیستەمە بەهەر پێنج رەگەزەکەی، کە بریتین لە (مامۆستا، قوتابی، بیناو ژینگەی قوتابخانە، مەنهەج، دایکوباوکی قوتابی) چەندین کەموکورپیان هەیە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش دوای دیاریکردنی کەموکورپییەکان، لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ڕاسپاردە خراونەتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکورپیانە.

## پێشەکی:

سیستەمی پەروەردە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. بە جێبەجێکردن و بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە مرۆڤ ئامادەدەکرێت بۆ ئەوەی یەکێك لە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکانی ناو کۆمەڵگادا بگرێتە ئەستۆ. پێویستە سیستەمی پەروەردە خزمەت بە مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤ بکات. هەرلەبەر ئەمەشە زۆربەی شارەزایانی بواری پەروەردە پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووە، کە سیستەمی پەروەردە دەبێت بە شێوەیەک بێت بگونجێت لەگەڵ سروشت و ژینگەی تاك و کۆمەلگاکان، هەروەها هاوتەریب بێت لەگەل گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ئێستا. بەم شێوەیە سیستەمەکە کەسێکی ئەرێنی و بەسوود و هۆشیار ئامادەدەکات لەسەر بنەمای ستانداردە نێودەوڵەتییە مۆدێرنەکان. لەبەر گرنگی سیستەمی پەروەردەو چەمکی پەروەردە ئەم توێژینەوەی ئێمە تەرخانکراوە بۆ مەبەستی دیاریکردنی کەموکورییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە لەدوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم چوارچێوەی باکگراوندێکی تیۆرییە بۆ خستنەرووی کورتەیەك لە مێژووی رەوشی سیستەمی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان لەزەمەنێکی دیاریکراودا، هەروەها بەشەکەی تریش بەڕێگای شیکردنەوەیی و وەسفی هەولدەدات کەمووکورییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە دوای ریفۆرمی ئایاری سالی 2007 تاوەکو سالی 2015، دیاریبکات و شیکردنەوەیان بۆ بکات، لەگەل خستنەرووی هۆکارەکانی هەبوونی ئەم کەموکورییانە. لەکۆتایی توێژینەوەکەش کۆمەلێك ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان خراوەتەروو.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی مێژوویی تیۆریی لەبارەی رەوشی سیستەمی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان لە ساڵی 1991 تاوەکو ساڵی 2007.

### پەروەردە

تێگەیشتنمان بۆ مانای پەروەردە دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی سروشتی لێکۆلینەوەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەڕوانین بۆ تاك و کۆمەل، پێناسەکردنی پەروەردە دەگۆڕێت بەپێی کات و شوێن و دابونەریت و ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگاکان. هەر لێکۆلەرێکی بواری پەروەردە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامدابێت، جیاوازبووە لەگەل لێکۆلێنەوەی لێکۆلەرێکی تر، چونکە هەر یەکێک لەمانە بەپێی لێکدانەوەو بیر و بۆچوون و ئایدۆلۆژیای خۆی و ئەو کۆمەڵگاو سەردەمەی، کە تیایدا ژیاوە لێکۆلینەوەکەی ئەنجامداوە. پەروەردە پەیوەستە بە مرۆڤ، مرۆڤەکان جیاوازن لەرووی بیرکردنەوەو بیروبۆچوون و دیاریکردنی ئامانجەکانیان. لەبەر ئەمە پەروەردە پێناسەی زۆری بۆ کراوە.

پەروەردە واتا دروستکردنی تاک ئەم دروستکردنەش بەشێوەیەکی گشتی لەلایەنی ژیری، جەستەیی، دەروونیدا دەبێت. مرۆڤ لەوکاتەی، کە لەسکی دایکی دروست دەبێت پەروەردە دەست پێدەکات تائەو کاتەی دەمرێت، بەلام مرۆڤ لە تەمەنی بەرایی منداڵی زیاتر و زۆرتر پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە. مرۆڤ کاتێک لەدایک دەبێت مرۆڤە نەک تاک، بەڵام لەرێگەی پرۆسەی پەروەردەکردنەوە دەبێتە تاک ئەم تاکەش دەبێتە بەشێک لە کۆمەلگا، واتا پەروەردە دروستکردنی بەردی بناغەی کۆمەڵگایە بەهەردوو شێوە گشتییەکەی باش و خراپ، چونکە فەلسەفەی پەروەردەی نوێ دەڵێ کۆمەڵگا جەستەیەو تاک بەشێکی جیانەکراوەیە لێی. بەشێوەیەکی تر پەروەردەکردنی منداڵ بریتیە لە پەروەردکردنی تاک ئەم تاکەش بەشێکە لە کۆمەلگا. پەروەردە لای ئەفلاتوون بەشێک بووە لە بەشەکانی کۆمەڵناسی، بەبۆچوونی ئەو پەروەردە کۆمەڵگا رێکدەخات و تاکێکی دروست بۆ کۆمەڵگا ئامادەدەکات. لای لیتری پەروەردە کاری پێگەیاندنی تاك بووە. فردريك فرۆبل دامەزرێنەری باخچەی مندالانیش دەڵێت: پەروەردە پرۆسەیەکە کاردەکات بۆدەرخستنی توانا شاراوەکانی منداڵ (حەمەد، 2005 لا: 27). بە بۆچوونی ئێمە پەروەردە چەمکێکی زۆر فراوانە، بازنەیەکە زۆرترین مانای پەیوەست بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە لەخۆدەگرێت. پەروەردە پرۆسەیەکی ئالۆزی زانستی فراوانی پەیوەست بەمرۆڤە، کاردەکات بۆ دۆزینەوەو دەرخستنی توانستە شاراوەکانی مرۆڤ، پاشان رێکخستن و بەرەو پێشەوەبردنی ئەم توانستانە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو، بۆئەوەی ئەم مرۆڤە لەرێگەی ئەم پەروەردەکردنەوە بەشێوەیەکی تەندروست بۆ کات و سەردەمی خۆی ئامادەبێت، توانای خۆگونجاندنی هەبێت و بۆئەوەی سوودی بۆ خۆی و خێزان و کۆمەڵگاو جیهان بەگشتی هەبێت.

## سیستەمی پەروەردە

سیستەمی پەروەردە گرنگترین و هەستیارترین سیستەمە، بەهۆی ئەم سیستەمەوە دەتوانرێت کۆمەڵگایەک بنیات بنرێت بەرەو پێشەوەبچێت، هەر بەهۆی ئەم سیستەمەش دەتوانرێت کۆمەڵگایەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناوببرێت و بەرەو دواوە بچێت. دەوڵەت لەڕێگای سیستەمی پەروەردەوە هەموو ئامانجە تایبەتی و گشتیەکانی دادەرێژێت و هەر لەرێگای سیستەمی پەروەردەوە فەلسەفەو ستراتیژییەت و ئایدۆلۆژیای خۆی دیاریدەکات، لەرێگای ڕەگەزو پێکهاتەکان و میکانیزمەکانی ناو ئەم سیستەمە هەوڵی جێبەجێکردن و بەدەستهێنانیان دەدات، سیستەمی پەروەردە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مرۆڤەوە، بەهۆی سیستەمی پەروەردەوە مرۆڤ ئامادە دەکرێت بۆ وەرگرتنی یەکێک لە رۆڵ و بەرپرسیارییەتەکانی ناو کۆمەلگا، ئەمیش لەڕێگای فێرکردن و ڕاهێنان و ئامادەکردنی تاک کە رێکخراوە بەسیستەمێک و جێبەجێکردنی لە ناو سەنتەرو ناوەندەکانی پەروەردەکردن و فێرکردن (عبدوڵا، 2010، لا: 61).

## سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

زۆرجار لاپەڕەی ڕۆژگارەکانی دوینێ دەبنە بەڵگە بۆ ڕاستی ڕۆژگارەکانی ئەمڕۆ، کورد وەکو نەتەوە هەوڵی زۆری داوە بۆئەوەی بەرەوە پێشەوە بچێت، بەڵام ئەگەر سەیری مێژووی ئەم نەتەوەیە بکەین هۆکارگەلێك هەبوونە بونەتە رێگر لەبەردەم ئەم هەولانە. کورد بەدرێژای مێژوو لە بارودۆخێکی خراپی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ناسروشتی نەخوازراو ژیانی بەسەربردووە، ئەم بارودۆخە نەخوازراوانە کاریگەری راستەوخۆیان کردۆتە سەر رەوشی پێشکەوتن و خوێندەواری رۆشەنبیرکردنی ئەم نەتەوەیە. شەرو کێشە سیاسییەکان کاریگەرترین هۆکاربوونە بۆ بەرەودواوە بردنی نەتەوەی کورد بە خراپترین شێوە لەهەموو سێکتەرەکان، بەتایبەتی سێکتەری پەروەردەو فێرکردن. هەرێمی کوردستان وەکو بەشەکانی تری کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوەوەو دەرەوە بۆتەوە، کە تاکو ئەمرۆش ئەم کێشانە بەردەوامن. بەداخەوە لەبارەی سیستەمی پەروەردە لەکوردستان ئەوا نابینین یاخود نابیستن، کە لە کۆنەوە کورد خاوەنی سیستەمێکی پەروەردەیی رێکخراو و خۆمالی بوبێت، چونکە کوردستان هەمیشە پر کێشەو لەژێردەستی داگیرکەران دابووە خۆی خۆی بەرێوە نەبردووە حکومەتێکی سەربەخۆی نەبووە. ئەمانە بوونەتە بەربەست. لەسەردەمی دەولەتی عوسمانی تا رووخانی پاشان دروستبوونی دەولەتی عێراق، لەوکاتەوە هەمیشە کورد بێبەبش کراوە لە هەموو خزمەت گوزارییەکی پێویست بەبەردەوام هەوڵی لەناوبردن و سرینەوەی ئەم نەتەوەیە دراوە لەرێگەی دەسەلاتدارانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێگومان بواری پەروەردەش یەکێک بووە لەو بوارانەی ئەم دەسەلاتدارانە هەوڵییان داوە لەرێگەیەوە نەتەوەی کورد بچەوسێننەوەو کورد لەناو ببەن، بێبەشی بکەن لە خوێندن ئەمەشیان بۆ چووبوەسەر تا سالی ١٩٩١ لەناوچوونی رژێمی بەعس لە باشوری کوردستان و دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق.

لەسالی ١٩٩١ کورد توانی راپەرین بەرپابکات دژی رژێمی بەعس و دام دەزگاکانی ئەم رژێمە، ئەوەبوو دوای تەنها چەند رۆژێک توانرا کوردستان رزگار بکەن. ئەمەش بووە خاڵی وەچەرخان و گۆرانکاریکردن، چونکە تا ئەوکاتە رژێمی بەعس هەموو دام ودەزگاکانی دەوڵەتی بەکاردەهێنا لەپێناو بەرژەوەندییە بالاکانییان، کە بریتی بوون لە (بەبەعسیکردن، بەعەرەبکردن، لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی کورد لەرێگای ترسان و تۆقاندن و سەپاندنی داب و نەریتی عەرەبی سرینەوەی داب و نەریتی کوردی، نەهێشتن و کەم بایەخکردنی زمانی کوردی ..... هتد) (عبدولا، 2010، لا: 147).
ئەوەبوو لەرێکەوتی ١٩/٥/ ١٩٩٢ یەکەمین هەلبژاردنی ئازاد لەهەرێمی کوردستان بەرێوەچوو، دوای ئەمە پەرلەمانی کوردستان دروستبوو، ١٩٩٢/٧/٤ یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، ئەو حکومەتەلە پانزدە وەزارەت پێکهاتبوو، وەزارەتی پەروەردەش یەکێک بوو لەو وەزارەتانە (عبدولا، 2010، لا: 175-176).

دوای دامەزراندنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەستکرا بە گۆرانکاری و چاکسازی لەم بوارە، بێگومان بارودۆخی پەروەردەو ئەو سیستەمەی، کە پەیرەو دەکرا لە کوردستان تەواو پێچەوانەی خواست و داواکانی کورد بوو لەگەل ئەوەش ئەم پەروەردەکردنە فەلسەفەو بیرو ئایدۆلۆژیای حزبی بەعسی بەسەری دا سەپێندرابوو، بۆیە پێویست بوو بەزووترین کات رەوشی پەروەردەو سیستەمی پەروەردە بە هەموو لایەنەکانی گۆرانکاری تێدا ئەنجامبدرێت. ئەوەبوو یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیی ئەنجامدرا لەئەیلولی سالی١٩٩٣ لەژێر دروشمی (لەپێناو پەروەردەکردنی نەوەکانی کوردستان بەرەوشتی بەرز و رێبازی کوردایەتی رەسەن و زانست زانینی هاوچەرخ و بنەماکانی دیموکراسی بەتایبەتی). ئەم کۆنگرەیە دوو رۆژی خایاند. تیایدا کۆمەلێک بریارو راسپاردەو پێشنیار خرانەڕوو. ئەو بریارو راسپاردەو پێشنیارانەی کران زۆر گشتگیر بوون، کەتیایدا ئەم بریارانە تەنها تایبەت نەبوون سیستەمی پەروەردەو بەرنامەو پرۆگرامەکانی پەروەردە، ئەمەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەر ئەوەی خودی وەزارەتی پەروەردە تازە دامەزرا بوو کۆمەڵێک کەموکوری تیادابوو (لێژنەی ئامادەکردنی یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیی 1992-1993).

ئێمە وەك توێژەر ئەوەی لەم کۆنگرەیە بەدیمان کرد دوای خوێندنەوەی بریارو راسپاردەکان و سەیرکردنی ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە بۆمان بەدەرکەوت، کەئەم کۆنگرەیە لەگەل ئەوەی پێویست بوو، بەلام سەرکەوتوو نەبوو لەبەر کۆمەلێک هۆکار، کەبریتی بوون لە: ولات بەتەواوی وێرانکرابوو لەلایەن رژێمی بەعس، بواری پەروەردەش یەکێک بوو لەم بوارانە پێویستی بەگۆرانکاری سەرانسەری هەبوو، تەنها بەستنی ئەم کۆنگرەیە بەس نەبوو. دەرکردنی (٣٥) بریار بەشێوەیەک بۆ جێبەجێکردنییان کاتێکی زۆری پێویستبوو، هەروەها بریارەکان گشتگیربوون و تایبەت نەبوون بە قۆناغێکی دیاری کراوی خوێندن بەلکو هەموو قۆناغەکانی گرتەوە بە هەموو شێوەکانی قوتابخانەو (قوتابخانە پیشەییەکان). هەروەها نەبوونی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارانە یەکێکی تر بوو لەهۆکارەکان. لەبەر ئەوە ئەم کۆنگرەیە زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە هێنانەدی ئەوگۆرانکارییانەی پێویست بوون لە سیستەمی پەروەردە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە هەمان ئەو سیستەم و بەرنامەو پرۆگرامەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعس هەبوو دوای کۆنگرەش هەمان شت بوو بەهەندێ گۆرارنکاریی زۆرکەم.

دوای پەیدابوونی ململانی و ناکۆکی لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەلاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، هەلگیرسانی شەری ناوەخۆ لەسالی ١٩٩٤ بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەوخراپی رۆیشت، ئەم بارودۆخە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەرگشت بوارەکانی ژیان، بواری پەروەردەش یەکێك بوو لەم بوارانە. بەجۆرێک ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی بیرو ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەی حیزبی بسەپێندرێت بەسەر پەروەردەو سیستەمی پەروەردە. هەروەرها بووەهۆی دابەشکردنی دەسەلاتی هەرێم بەسەر دوو ئیدارە (ئیدارەی هەولێر کە لەژێر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان دابوو، ئیدارەی سلێمانی، لەژێر دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دابوو). ئەمە بووە هۆی دابەشکردنی پرسە نەتەوییەکان و هەموو بوارەکانی ژیان بەسەر دوو شێوەی حیزبی. دواجار فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای ئەم دوو حیزبە جێبەجێ دەکرا لە گشت بوارەکان بەتایبەتی بواری پەروەردەو سیستەمی پەروەردە تا ئێستاشی لەگەلدابێت (عبدوڵا، 2010، لا: 193). دوای تێپەربوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارسال بەسەر کۆنگرەی یەکەم و بەردەوام خراپی رەوشی پەروەردەو فێربوون لەهەرێمی کوردستان پێویست بەوە دەکرا جارێکی تر شارەزایان پەروەردەکاران و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەستنی دووەم کۆنگرەی پەروەردەیی بدەن، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩٧، دووەم کۆنگرەی پەروەردەیی بەسترا، لەژێر دروشمی (بەگیانی سۆزی کوردایەتی بۆ ئایندەی پەروەردەو زانست دەروانین). هەرچەندە ئەم کۆنگرەیە لەکۆنگرەی یەکەم سەرکەوتوتر بوو، بەلام دیسان نەیتوانی ئەو ئامانجانەی، کە پێویست بوون بهێنێتەدی، چونکە هەموو بەشەکانی هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە سەرتاسەری نەبوو (کۆنفرانسی وەزارەتی پەروەردە،1997). لەبەر ئەوە لەساڵی ٢٠٠١ سێیەم کۆنگرەی پەروەردەیی بەسترا، بەلام دوو کۆنگرە (کۆنگرەی پەروەردەیی سێیەم ئیدارەی هەولێر، کۆنگرەی پەروەردەیی سێیەم ئیدارەی سلێمانی). ئەم دوو کۆنگرەیە کۆمەڵێک گۆڕانکاری هێناکایەوە لەهەریەکێک لە ئیدارەی بەڕێوەبردنی تایبەت بەخۆیان. ناوەرۆکی هەریەکێک لەم کۆنگرانە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک راپۆرت و پرۆژەو پێشنیارو راسپاردە، دواتر ئەنجامەکانیان بوونە هۆی دروستبوونی هەندێک گۆڕانکاری بەشێوەیەکی زۆر خاو خراپ لەو ئاستەدا نەبوو، کە پێویست بوو بۆ نموونە: چەند پرۆژەیەکی دروستکردنی بینایەی قوتابخانەو باخچەی ساوایان و چاپکردنی کتێب گۆڕانکاریکردن لە کتێبی خوێندن بەلابردنی هەندێ بابەت و دانانی هەندێ بابەتی تر، هەروەها دابینکردنی کەرەستەکانی فێرکردن و کەرەستەکانی خزمەت گوزاری و رێکخستنی بەشەکان و بەرێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی پەروەردە (کۆنفرانسی سێیەمی وەزارەتی پەروەردەیی، هەولێر 2001)، (کۆنگرەی پەروەردەیی سێهەم، سلێمانی 2001).

بەبێگومان بەستنی ئەم کۆنگرانە کۆمەڵێک ئەنجامی باشیان هەبوو بەشێوەیەک دەتوانین بلێین بوونە هۆی ئەوەی، کە بەردەوامی بدەن بە پرۆسەی خوێندن و فێربوون لەهەرێمی کوردستان، کە تاوەکو ئەوکاتە تەنها دە ساڵ بەسەر ئەزموونی بەرێوەبردنی ولاتدا رۆیشتبوو، کورد ئەزموونێکی کەمی هەبوو لە هەموو بوارەکانی بەرێوەبردن بەتایبەتی بواری هەستیاری پەروەردە، ئەم بوارە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێردەستی بێگانەو داگیرکەران دابوو، لەبەر ئەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گران بوو لەڕووی بواری پەروەردەوە، چونکە هەم لەسەری پێویست بوو ئەم پەروەردەو سیستەمە کۆنەی کە رژێمی بەعسیی عەرەبی فاشیزم دایڕشتبوو لەناوی بابات، هەم دووبارە بنیاتنانەوەو گۆڕانکاری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراندی سیستەمێکی تری پەروەردە، کە خزمەت بکات بەخاک و زمان و نەتەوەو دابونەریت وئاوو هەواو نیشتیمانی کوردی، هەروەها بەرەوپێشەوەبردنی زانست و زانیاری بەشێوەیەکی هاوچەرخ و گرنگیدان بە تەکنەلۆژیای نوێی سەردەم و گۆرینی شێوازەکانی وانە گوتنەوەو سەپاندنی دەستەواژەی (قوتابی سەرکردەبێ) و بنیاتنانی بنەماکانی دیموکراسی. عمر فتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومونی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٧ لەوتارێک لە کاتی بەستنی کۆنگرەی چوارەمدا پێشکەشیکرد دەڵێت ((بەداخەوە ئێمە میراتگری نیزامەکانی پێشووین کەنیزامی دیکتاتۆری فاشی وخۆسەپێنەرو سەربازین و هیچ جۆرە سیستەمێکی دیموکراسی تێدا پیادەنەکراوە، لەبەر ئەوە گۆرانی بنەرەتی بکرێت بۆئەوەی بتوانین رژێمێکی دیموکراسی لەم ولاتە پیادە بکەین )). هەروەها بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بەجیهانی دەرەوە. لەبەر ئەوە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە گۆرانکاری ریشەی و سەرتاسەری بوو (معروف 2007، لا: 16).

## سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوای سالی ٢٠٠٧

دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکرنی عێراق لەسالی ٢٠٠٣ رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعسی ئەم ولاتە لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانی، هەرێمی کوردستان قۆناغێکی تری نوێی بەخۆوە دیت. بەجۆرێک بەرووی جیهانداکراوەو زیاتر پێشکەوتنی بەخۆی دیت لەهەموو بوارەکاندا، بێگومان وەزارەتی پەروەردەو بواری پەروەردەش یەکێک بوو، کە ئەم پێشکەوتنەو گۆرانکارییەی بەخۆیەوەدیت. ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە، کە خۆشبەختانە هەردوو ئێدارەی هەرێمی کوردستان یەکیانگرتەوەو بوونە یەک ئیدارەی بەرێوەبردن. کەش و هەوای ئارامی کوردستان و پێویستی زیاتری زانست زانیاری و تەکنەلۆژیای سەردەم و نەگونجاندنی ئەوسیستەمە کۆنەی هەبوو لەگەل رۆژگاری پێشکەوتووی ئەمرۆ، ئەمانەو چەند هۆکارێکی تری خودی سیستەمی پەروەردە کە دواتر دەیانخەینە ڕوو بوونە هۆی گۆرینی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

بێگومان گۆران دیاریدەیەکی سروشتی و بەلگەنەویستە گشت پێکهاتەکانی بوون و بوارەکانی ژیان ملکەچن بۆی هیچ نەتەوەیەک نادۆزیتەوە پرۆسەی گۆران نەیگرتبێتەوە. کۆمەلگای کوردیش وەک هەموو کۆمەلگاکانی تری سەر رووی ئەم زەمینە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە پرۆسەی گۆران ئەنجام بدا لە هەموو پایەو بوارەکانی ژیان، بۆئەوەی لە پێشکەوتن و گۆرانکارییەکانی، کە ئێستا زۆر بەخێرای

روودەدەن دوانەکەوێت دانەبرێت. بۆ ئەم مەبەستەش گۆرانکاریکردن لە سیستەمی پەروەردە باشترین رێگاچارەسەری کۆمەلگای کوردی بوو کە بتوانێت خۆی بگونجێنێت و دانەبرێت لە شۆرشی ئەو پێشکەوتن و گۆرانکارییانەی هەیە.

لەدوای کۆنگرەکانی سێیەم تاوەکو سالی ٢٠٠٧ چەند گۆرانکارییەکی کەم کرا لە ناو سیستەمی پەروەردەو ڕەگەزەکانی بەتایبەتی لەلایەنی بەرنامەو پرۆگرام (کتێبی بریاردراوی خوێندن)، کە ناوە ناوە بابەتێک لادەبراو بابەتێک زیاد دەکرا، بەلام ئەوە بەس نەبوو بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان سیستەمی پەروەردەیەکی سەرکەوتووی هەبێت شانبەشانی ولاتەپێشکەوتووەکانی دونیا بێت، چونکە سیستەمی پەروەردەو پرۆسەی پەروەردە تەنها لە بەرنامەو پرۆگرام پێک نایەت، بەلکو لەچەند لایەن و رەگەزی تر پێک دێت کە ئەمانیش هەریەک لە مامۆستاو قوتابی و کەرەستەکانی فێرکردن و بینایەی قوتابخانەو دایکوباوکی قوتابییان و شێوازو رێگەکانی وانە گوتنەوە. ئەمانەش کۆمەلێک رەگەزو لایەنی تر بوون بۆئەوەی بگۆردرێن و بگونجێن لەگەل سەردەمی ئەمرۆ. لەبەر ئەوە بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لەئابی سالی ٢٠٠٦ هاتەکایەوە، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بریاری دا گۆڕانکاری گەورە ئەنجامبدات لە پرۆسەی پەروەردە. ئەوە بوو لێژنەی بالای کۆنگرە پێکهات، پاشان (١٦) لێژنەی تایبەت بەتەوەرەکان پێکهات بۆ ئامادەکردنی راپۆرت و پێشنیار، چەندین کۆڕو کۆبوونەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و شاروشارۆچکەکان ئەنجامدران، جگە لە (٣) کۆنفرانس لە پەروەردەی هەولێر- سلێمانی – دهۆک ئەنجامدرا. لێژنەی بالای کۆنگرەی پەروەردەیی هەموو ئەو ڕاپۆرت و پێشنیارانەی ئامادەکرابوون لەلایەن لێژنەی تەوەرەکان کردە یەک راپۆرتی تێرو تەسەل، ئەمەش لەئەنجامی چەند کۆبونەوەیەک، کە چەندین مامۆستاو شارەزایانی پەروەردەیی زانکۆکان و رێکخراوە حکومیەکان و ناحکومیەکان بەشدارییان تێداکردبوو، ئەو راپۆرت پێشنیارانە خۆی لەسێ (٣) کتێب گرتەوە (معروف، 2007، لا:40-41). لەگەل ئەمانەش لێکۆلینەوەیەک کرا لەسەر بیروڕای قوتابیان بەمەبەستی دەستنیشانکردنی گیرۆگرفتەکانیان و چارەسەرکردنییان، بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمی تایبەت بەسەر (١٤٦٠) قوتابی کە (٣٥) پرسیاری لەخۆ گرتبوو لە پەروەردەی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان، قەزای شەقلاوە، چۆمان، سمێل، ئامێدی، زاخۆ، دوکان دابەشکرا .ئەوەش ئەوە دەردەخات بیرورای قوتابیان پشتگوێ نەخراوە لەبەستنی ئەم کۆنگرەیە، بەلام ئەم رێژە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمەی وەکو سەمپل وەرگیراوە لە قوتابیان تاوەکو بەشدار بن جێگەی پرسیارو سەرسورمانیە لەچاو ژمارەی زۆری قوتابیانی کوردستان، هەروەها لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە چەندین پرسیار ئاراستەی هاولاتیانکراو راوبۆچونیان وەرگیرا (معروف، 2007، لا:1040105).

لە22-25 ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ لەژێر دروشمی ((گۆرینی دیدی فەلسەفەیمان بۆمرۆڤ، بنەمای گۆرانکارییەکانە لەسیستەمی پەروەردەو فێرکردن)) لەژێرچاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەبەشداریکردنی نزیکەی ٣٥٠ کەس لەشارەزایانی بواری پەروەردە ئەم کۆنگرەیە بەرێوەچوو. هەڵبەتە یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەییە لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوای یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی (معروف، 2007، لا:41). ئەوەبوو لەرۆژانی ٢٢-٢٠٠٧/٥/٢٤ کۆنگرە دەستی کرد بەکارەکانی خۆی به گفتوگۆکردن لەسەر گۆرینی ریشەیی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. دوای ٢ رۆژی پرلە گفتوگۆی چڕوپر لەسەر کۆمەڵێک تەوەر کە بریتیبوون لەم تەوەرانە (سیستەمی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ قوناغەکانی باحچەی منداڵان و سەرەتایی ئامادەیی و پیشەییەکان، راهێنان و چۆنیەتی ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ ئەم قۆناغانە، گەشەپێدان گۆرین و پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن (هەموو قۆناغەکان)، ئەزموونەکان، دەزگای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، چالاکی وەرزشی و هونەری، بینایەو نەخشەسازی قوتابخانەکان، دابینکردنی ژینگەیەکی دیموکراسی و چەند تەوەرێکی تر.

لەپرۆژەی گۆرینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن ئاماژەی بەم هۆکارانە دراوە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە: بەرزبوونەوەی رێژەی نەحوێندەواری، شەش سالی خوێندنی زۆرەملێ کەم بوو بۆ ئەوەی منداڵ بە باشی ئامادەبکات. هەروەها هەبوونی پۆلی شەشەمی سەرەتایی و سەرنەکەوتن و دەرنەچوون لەپۆلە هۆکار بوو بۆ ئەوەی قوتابی واز لە خوێندن بهێنن، رەخساندنی ژینگەیەکی دیموکراسی لەناو قوتابخانەکان. ئاستی نزمی خوێندن و توانا لەچاو پێویستی بازاری کاری نوێدا. هەروەها خوێندن لە کوردستان زۆر تیۆریی بوو دوور بوو لە پراکتیکی کارو پێویستیەکانی کۆمەڵەوە (پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، 2007، لا:6). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین نەبوونی فەلسەفەو ستراتیژیەتی پەروەردەیی کوردستان لە پێگەیاندنی کۆمەلگایەکی پێشکەوتوو و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندەوار، دواکەوتووی سیستەمی پەروەردەی کوردستان هەروەها نەگونجاندنی ئەم سیستەمە لەگەل بنەما دیموکراسیەکان و ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە لە دونیای گلۆبالیزمی ئەمرۆدا هەیە گرنگترین هۆکار بوون بۆ گۆرینی سیستەمی پەروەردە.

**گرنگترین ئامانجەکانی گۆرینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن کە لەپرۆژەی گۆرینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن داهاتوونە ئەمانەن**: ئامانجەکانی گۆرینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە ساڵی 2007 بریتی بوون بنبڕکردنی یان کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کادرانی پەروەردەیی، رێگە بەمندالان نەدرێت جگە لەخوێندن کاری تر بکەن، ئامادەکردنی تاك بۆ بازاری سەردەم وکار و چەسپاندنی بەهاکانی مندالانی ١٢-١٥ ساڵ پێویستە پێی پەروەردە بکرێن (پرۆژەی گۆرینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، 2007، لا:7). دوای تەواوبوونی بەستنی کۆنگرە دەستکرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارو راسپاردەو ئەنجامانەی، کە هاتنە ئاراوە لەئەنجامی بەستنی ئەم کۆنگرەیە، هەرچەندە ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووبوو لە گۆرینی سیستەمی پەروەردە بۆ سیستەمێکی نوێی پێشکەوتووی سەردەم، بەلام هیچ کارێک ١٠٠٪ بێ کەموکوڕی نابێ ئەو سیستەمەش کۆمەڵێک کەموکوڕی هەیە. لەم بەشە ئێمە هەولدەدەین ئەم کەموکورییانە بخەینەڕوو.

## بەشی دووەم: دیاریکردن و تاوتوێکردنی کەموکوڕییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوای رێفۆرمی 22-5/24/ 2007

دوای جێبەجێکردنی ئەو بریارو راسپاردانەی لە کۆنگرەی 22-24 ئایاری/2007 دران ئەمە، بووە هۆی ئەوەی، کە بە تەواوی رەگو ریشەی فەلسەفەی بەعسی و سیستەمی کۆنی پەروەردە بەهەموو لایەن و رەگەزەکانی کۆتایی پێبێت و سیستەم و فەلسەفەو بیرو ئایدۆلۆژیایەکی مۆدێرن و هەلقولاوی بیرو رای ناوەخۆو دەرەوە لەدایک بوو، واتە هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی سیستەمێکی پەروەردەیی تایبەت بەخۆی، کە سیستەمی پەروەردەی نوێی پێدەلێن. ئەمەش بەسەرەتایەکی گۆرانکاری بنچینەی لەسیستەمی خوێندن لەکوردستاندا دادەنرێت، هەرچەندە گۆرانکارییەکانی دوای کۆنگرە چوونە بواری جێبەجێکردنەوە، بەلام کۆمەڵێک کەموکوریی هاتە پێشەوە. پێش خستنەرووی کەموکوڕییەکان، ئەو گۆرانکارییانەی لە سیستەمی پەروەردە کران لەدواین کۆنگرە بریتی بوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەمانە: بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان و چۆنیەتی ئامادەکردنییان. گۆرانکاریی لە جێبەجێکردن و میکانیزمەکانی ئەزموونەکان. گۆرانکاریی لەسیستەمی قۆناغەکانی خوێندن. واتا قۆناغی سەرەتایی گۆرا بۆ قۆناغی (٩) سالی بنەرەتی خوێندنی ئیلزامی. گۆرانکاری لە بەرنامەوپرۆگرامی خوێندن (کتێبی بریاردراوی خوێندن) (پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، 2007، لا9-15). چەندین گۆرانکاری تر بەڵام ئەمانەی سەرەوە گرنگترین ریفۆرم و گۆرانکارییە بنەرەتیەکان بوون.

## کەموکورییەکانی سیستەمی پەروەردەی نوێی هەرێمی کوردستان:

### یەکەم: نەبوونی پلانی پێش وەختە

بیرکردنەوەو دارشتنی چۆنیەتی کارکردن بۆ داهاتوو، ئەمە پلان و ستراتیژییەت و دووربینی پێ دەگوترێت. پلان کار بۆ داهاتوو دەکات بەشێوەیەک بەپێی جۆر و کات و تایبەتمەندی کارەکە پلان گۆرانی بەسەردادێت. پلان بەرنامەو پرۆگرام و پەیرەوێکە کۆمەلێک لێپێچینەوەو بەدواداچوون دەگرێتەخۆ بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو هەوڵدەدات ئاسانکاری دەکات لەرێگەی تێبینیکردنی گشت پێشبینیەکان و پێشهاتەکان، ودەستنیشانکردنی هەموو ئەو رووبەرووبونەوانەی لەدهاتوو دێنە پێشەوە. پلان یەکەمین هەنگاوە لەبەرێوەبردنی هەر کارێک، بەجۆرێک کە چ کارێک مەبەستتە ئەنجامی بدەی، پاشان چی دەبێ ئەنجامبدەی لەکوێ ئەنجامی دەدەی چۆن و کەی، بەرەچاوکردنی هەموو ئەو کەرستەو پێداویستیانە چین، کە پێویستن بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکە. بەداخەوە لە گۆرینی سیستەمی پەروەردە پلانێکی پێش وەختەو ستراتیژیەتێکی دووری نەبووە، کە خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ هەموو پێداویستی و پێشهات و ئەگەرەکان بکات، کە دێنە بەردەم ئەم سیستەمە. هەر کاتێک گۆرانکاری دەکەیت پێویستە سەرەتا زەمینەی بۆ خۆش بکەیت بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت لە بەدەستهێنانی ئامانجە نوێیەکان لەرێگەی ئەم گۆرانکارییانەوە. سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ریفۆرمی تێدا کرا لەهەموو رەگەزەکانی، بەلام زەمینەی بۆخۆش نەکرا، واتە ژینگەیەکی لەبارو گونجاو نەرەخسا بۆ ئەم سیستەمە نوێیە. کاتێک گۆرانکاری لە بواری پەروەردەو سیستەمی پەروەردە ئەنجامدەدرێت، ئەوا پێویستە هەنگاو بەهەنگاو گۆرانکارییەکان ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی نەبێتە شتێکی نامۆو غەریب، بتوانرێت بە شێوازێکی سروشتی خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگونجێنێت. شیاونیە کاری سالێک بە مانگێک ئەنجام بدەیت، ئێمە ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکانی ناو سیستەمی پەروەردەی نوێی کوردستان بکەین ئەوا دەبینن هەموو گۆڕانکارییەکان دوای تەنها سالێک کەوتنە بواری جێبەجێکرنەوە، واتە هەموو ئەو ریفۆرم و گۆڕانکارییانەی کران لەکۆنگرەی سالی ٢٠٠٧ لە سالی ٢٠٠٨ کەوتنە بواری جێبەجێکردن، بەبێ ئەوەی بخرێنە بەر تێستکردن و بەدواداچوون و دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی لە کاتی جێیبەجێکردنییان. بێگومان ئەوە بووە هۆی ئەوەی چەندین کێشەو کەموکوڕی رووبەرووی ئەم سیستەمە ببێتەوە (پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، 2007، لا:9).

ئەم سیستەمە نوێیەی دوای سالی 2007 تاکێکی پێشکەوتووی هزرکراوە بە نوێترین تەکنەلۆژییەکانی ئێستا دێنێتە بەرهەم، تاکێکی دەست رەنگین و ئامادە بۆ بازاری کار و ئاست بەرز بە زانست زانیاری و رۆشەنبیرو خوێندەوار، لەگەڵ لایەنەکانی تری ژیان وەکو چالاکیە هونەرییەکان و شانۆ و وەرزش و هتد ئامادە دەکات، هەریەکێک لەمانە پێویستی بە ژینگەیەکی لەبارو گونجاو هەیە بەجۆرێک کەشوهەوایەکی مۆدێرنی ستانداری جیهانی دروست بکات، کۆمەلێک مامۆستای پیشەگەری ئاست بەرز بە زانستی تەکنەلۆژیاو زانینی نوێترین رێگاکانی وانە گوتنەوە، هەروەها باشترین و نوێترین کەرەستەکانی فێرکاری و میتۆدێکی سەرکەوتووی دیموکراسی پێویستە. ژینگەی جێبەجێکردنی سیستەمی پەروەردە سنوری بیناکانی قوتابخانەکان دەگرێتەوە بە پلە یەک پاشان شوێنەکانی تر.

**دووەم: کەمی ژمارەی بینایەی قوتابخانە و کەموکوریی لەم بینایانە**

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارەی قوتابییان و باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان لەساڵی 2010 – 2011، بەم شێوەیە بووە: ژمارەی باخچەی مندالان بریتی بووە لە (310)، ژمارەی قوتابخانە بنەرەتییەکانیش بریتی بووە (4553) قوتابخانە. هەروەها ژمارەی قوتابخانە ئامادەییەکانیش (738) قوتابخانە بووە، بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی قوتابییان هێشتا ژمارەی باخچەو قوتابخانەکان بەشی قوتابییانی نەکردووە، بۆنموونە هەر بەگوێرەی ئەم ئامارە لە ساڵی 2010 – 2011 ژمارەی منداڵانی باخچەی مندالان (51305) بووە، ژمارەی قوتابییانی قوتابخانە بنەرەتییەکان پێکهاتبوو لە (1144245) قوتابی، هەروەها ژمارەی قوتابییانی قوتابخانە ئامادەییەکانیش پێکهاتبوو لە (236824) قوتابی (وەزارەتی پەروەردە،2013). بێگومان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمی ژمارەی بینایەی قوتابخانەکان لەچاو ژمارەی زۆری قوتابییان ئەمە یەکێکە لەو کەموکوڕییانەی نەیهێشتووە ئەم سیستەمە سەرکەوتوو بێت و ببێتە هۆی هەبوونی دوو دەوامی و سێ دەوامی لەناو یەك بینای قوتابخانە ئێستاشی لەگەڵدابێت. واتا دووشەفت قوتابی دەوام دەکەن لە یەک بینایەی قوتابخانە. بۆ پشتگیریکردن لەم خاڵە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لە کەناڵی تەلەفزیۆنی رووداو لە 9ی ئەیلولی 2014، پشتیوان سادق وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند لەکاتی ئێستادا (2500) قوتابخانە هەیە کە تیایدا دوو دەوامییە، هەروەرها (300) قوتابخانەش سێ دەوامی تیادایە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش باسی لەوە کرد پێویستیان بە (٢٠٠٠) یەکەی بینای تری قوتابخانە هەیە (سادق. 2014).

هەبوونی دوو دەوامی و سێ دەوامی لەناو یەك بینای قوتابخانە کێشەی زۆری بۆقوتابیان دروست کردووە، کە ماوەیەکی زۆر کەم لە قوتابخانەبن، کاتێکی زۆر کەمیشیان هەبێت هەم بۆ وانەکان هەم بۆ پشوو. روون و ئاشکرایە لە قوتابخانەی دوو دەوامی شەفتی یەکەم کاتژمێر ٨ بەیانی دەست پێدەکات لە ١٢ نیوەڕۆ کۆتای پێدێت، هەروەها شەفتی دووەم لە ١٢:٣٠ دوای نیوەڕۆ دەست پێدەکات کاتژمێر ٤:٣٠ تەواودەبن، واتا قوتابییان تەنها 4 کاتژمێر لەقوتابخانەکانییان دەمێنێتەوە. 4 کاتژمێر پێچەوانەی هەموو ئەو ماوانەیە، کە لە ولاتە پێشکەتووەکان بوونی هەیە، بەگوێرەی ڕاپرسی قوتابخانە و کارمەندان، کە سەنتەری نیشتیمانی بۆ پەروەردەو ئامارەکانی ئەمریکا (SASS) بڵاوی کردۆتەوە لە هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا قوتابییان تێکڕای ژمارەی کاتژمێرەکان لە ڕۆژی خوێندندا لەنیوان 6 بۆ 7 کاتژمێر لە قوتابخانەکانییان کات بەسەر دەبەن، بۆنموونە لەویلایەتی ئەلەباما قوتابییان تێکڕای ژمارەی کاتژمێرەکان لە ڕۆژێکی خوێندندا 7.3 کاتژمێرە ( National Center for Education Statistics،2007-8).

لەزۆربەی ولاتە پێشکەوتووەکان ژمارەی قوتابیان لەناو پۆل لە (٢٥) قوتابی تێناپەرێت، هەروەها بەگوێرەی ستاندارد قەبارەی پۆلێکی ستاندارد پێویستە 74.3 مەتر دووجا بیت، 800 پێی چوارگۆشە بێت، ئەم قەبارەیەش دەتوانێت (25) قوتابی لەخۆبگرێت ( The Public Schools Finance Board، 2018). بەڵام لە کوردستان ژمارەی قوتابیان لە زۆربەی قوتابخانەکان لەناو پۆل پێکدێت لە 40 بۆ 50 قوتابی، ئەمەش کێشەی زۆر بۆ مامۆستاو بۆقوتابیان دروست دەکات. لەکتێبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان بەندی ١١ داهاتووە دەڵێت نابی ژمارەی قوتابیان لە( ١٥) کەمتربێت و لە(٤٠) قوتابی زیاتر بێت تەنها لەکاتی زۆرپێویست نەبێت، بەپێی ئەم برگەیە ئاساییە ئەگەر هاتوو ژمارەی قوتابیان لەناو پۆل بریتی بێت لە(٤٠)، یان زیاتر (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009. لا: 12). لەڕاستیدا ئەمە خۆی لەخۆیدا هیچ خزمەتێک بەم سیستەمە نوێیە ناکات، چونکە دەرکەوتووە ئەگەر ژمارەی قوتابی زۆر بێت لەپۆلدا ئەوا کەشی پەروەردە ئاژاوەی تێدەکەوێت و قوتابی و مامۆستا کەمترین سوودی پەروەردەو زانست بەیەک دەگەیەنن. بۆ نموونە:

مامۆستا ناتوانێت بەباشی کۆنترۆلی پۆل بکات. کات بەشی هەمووقوتابیەکان ناکات تا بەشداری وانە بکەن، ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی پەروەردەی نوێیە، کە تیایدا هەولدەدات قوتابی سەنتەری فێرکردن بێت. بەمەش دەستەواژەی (قوتابییان سەرکردەن) جێبەجی نابێت. دانیشتنی قوتابیان لەناو پۆل بەشێوازی کۆنی تەقلیدی، ئەمەش لەبەر زۆری ژمارەی قوتابیان ناتوانرێت گروپ دروست بکرێت، ڕوون و ئاشکرایە سیستەمی گرووپ باوترین و باشترین شێوازی بەرێوەبردنی وانەیەکی کاریگەرە لەسەردەمی ئێستادا. هەروەها ئەنجامدانی کەمترین چالاکی فێرکاری لەناو پۆل.

لەلایەنی چۆنایەتیش (کوالێتی)، ئەم بینایانە کۆمەڵێك کەموکوریيان هەیە. بێگومان بەرێوەبردنی دەسەلات لەلایەن ڕژێمێکی دکتاتۆری وەکو رژێمی بەعس، کە بەهیچ شێوەیەک هەناسەی ئازادی و دیموکراسی بوونی نەبوو کاریگەری کردبووە سەر هەموولایەنێکی ژیان بەجۆرێک جوانی و ستاتیکایەکت نەدەبینی لە دروستکردن و بنیاتنانی ولات. بەتایبەتی دروستکردنی بینایەی دامودەزگاکانی دەوڵەت، دروستکردن و دانانی دیزاینی قوتابخانەکانیش یەکێک بوون لەم دامودەزگایانە، تاوەکو ئێستاش زۆربەی ئەم بینایانە وەکو خۆیان ماون بەبێ هیچ دەستکاری و گۆرانکارییەک، ئەمەش دووبارە ئەوەمان نیشاندەدات، کە پلانێک نەبووە بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە تاوەکوئەم بینایانە بگۆرن، بۆئەوەی شیاو گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە نوێیە، بەلکو تائێستاشی لەگەل دابێت خوێندن تیایاندا بەردەوامە. هەروەک (عومەر محمەد ئەمین ڕەزا) لە کتێبەکەی بەناوی سیستەمی نوێی خوێندن و گۆرانکاری دا دەلێت: (پێویستە لەدوای ئاشکراکردنی سیستەمی نوێی خوێندن، دیزاینی ئەم بینایانەی، کە لەپێشتر بەکار دەهاتن، بەکارنەیەت دیزاینی نوێ بو بینا دابنرێت، کە لەگەل سیستەمی نوێی خوێندن و گۆرانکارییەکان بگونجێت). لەگەل ئەوەی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ دەستکرا بەدرووستکردنی کۆمەڵێکی زۆر لەبینایەی قوتابخانە لە ناو شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، بەلام ئەم بینایانە کۆمەلێک کەموکورپیان هەیە لەگەل ئەو سیستەمە نوێیە ناگونجێن و شیاو نین (ئەمین رەزا، 2009، لا: 39). بەشێوەیەکی گشتی کەموکوڕییەکان بریتین لەمانە: دیزاینی بینایە کۆنانەکان لە بینایەی بەندینخانەدەچێت، کە زۆر داخراون و دیوارەکانیان زۆر بەرزە. هەروەها بوونی یەک دەرگای سەرەکی بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی هاتۆچۆی ناوەوەو دەرەوەی قوتابخانەکان بکەن، ئەم دەرگایانە لەزۆربەی قوتابخانەکان کلیلی و قفل لێدەدریت بەتایبەت لەکاتی دەوام، بەداخەوە ئەمە کاریگەریی دەروونی زۆر نێگەتیڤی هەیە لەسەر قوتابیان، کە قوتابخانە وەکو بەندینحانە ببینن. کۆنی بەشێک لەم بینایانە، کەپێویستیان بەوە هەیە نۆژەن بکرێنەوە بەشێوازێکی مۆدیرن. نەبوونی شوێنی یاریکردن بۆ ئەوەی منداڵان کاتە پشووەکان تیایدا بەسەربەرن. رەنگە لەبەشێکی زۆری قوتابخانەکان هەبێت، بەلام بەو شێوە مۆدیرینە نیە، کە ئەم سیستەمە دەیخوازێت. نەبوونی ژووری کتێبخانە لەزۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکان. نەبوونی هۆڵێک بۆ تاقیگەی کۆمپیوتەر و نەبوونی هۆڵێک بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی وەک: (وێنەکێشان، کارەدەستیەکان، شانۆ و نواندن، وەرزشەکانی وەکو بالە، باسکە، تۆپی پێ، هتد). نەبوونی کافتریایەکی مۆدێرن کە مندالان بتوانن تیایدا دابنیشن ئەو ژەمە نانخواردنەی، کە پێویستە بیخۆن، کەمی رێژەی سەوزای و باخچە. ناشرینی جۆری بۆیەی دیواری قوتابخانەکان، کە بە جۆرێک رەنگاو رەنگ نیەو لەگەڵ ئارەزووی منداڵ یەک ناگرێتەوە. سەرباری ئەم کەموکورپیانە نەبوونی پاک و خاوێنیش یەکێکن لەم کەموکورپیانە، کە دیواری ناو پۆل و قوتابخانەکان بەگشتی پیسیەکی زۆری پێوەدیارە. هەروەها زۆربەی قوتابخانەکان شوێنەکانییان بەگوێرەی ستانداردی جیهانی بۆ دروستکردنی بینای قوتابخانەکان نیە، بۆ نموونە لە ستانداردی جیهانی بۆ دروستکردنی قوتابخانەدا هاتووە، کە شوێنی قوتابخانەکان نابێت بکەوێتە سەر شەقامە سەرەکیان (highway)، نابێت ئەوسەرچاوانەی لێ نزیك بێت، کە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ژیانی قوتابییان و قوتابخانەکان بۆ نموونە وەك بەنزینخانە، کارگە پیشەسازییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: کەمی کادری پەروەردەیی پێشکەوتوو (مامۆستا)**

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارەی مامۆستایان لەساڵی 2010 – 2011، لە باخچەی مندالان (3108) مامۆستا بووە، لە قوتابخانە بنەرەتییەکان (75706) مامۆستا بووە، هەروەها لە قوتابخانە ئامادەییەکانیش پێکهاتبوو لە (13851) مامۆستا (وەزارەتی پەروەردە 2010-2011). بەڵام ئەم ژمارانە بە پێی پلانێکی زانستی بەگوێرەی پێداویستی و بوارەکانی قوتابخانە دابەشنەکراون تا ئەمڕۆش چەندین قوتابخانە هەیە کێشەی نەبوونی مامۆستای هەیە بۆ هەندێ بوار. ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەروەردە بریتین لە (مامۆستا، قوتابی، بەرنامەو پرۆگرام، ژینگەی قوتابخانە، دایکوباوکی قوتابی). ئەم پێنج ڕەگەزەش بەهۆی شێواز و ڕێگاکانی وانە گوتنەوە و بەهاوکاری کۆمەڵێک کەرەستەی فێرکاری کارلێک لەگەڵ یەکتری دەکەن ژینگەیەکی شیاو پێشکەش بە پرۆسەی پەروەردە دەکەین. واتا هەر کاتێک یەکێک لەم ڕەگەزانە خراپ بوو یان کەموکوڕیی هەبوو ئەوا سیستەمەکە تووشی کێشە دەبێت و پەکی دەکەوێت یان سەرکەوتوونابێت. هەریەکێک لەو ڕەگەزانە کاریگەری و ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر ئەدای بەرێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە، بەڵام داینەمۆی بەرێوەچوونی سیستەمی پەروەردە مامۆستایە دواتر لایەنەکانی تر، چونکە ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە بەرێوە دەبات مامۆستایە. سیستەمی نوێی پەورەردە پێویستی بە مامۆستای ئاست بەرزو دلسۆز و هۆشیار هەیە. مامۆستایەک تەواو زانیاری هەبێت لەسەر بەرنامەو پرۆگرام و رێگاکانی وانەگوتنەوەی هاوچەرخ و کەرەستەکانی فێرکاری و تەکنەلۆژیای نوێ و کۆمەڵێک چالاکی و شارەزا لە یارییە فێرکارییەکان و هەبوونی زانیاری زانستی لەسەر دەروونی منداڵ. مامۆستایەك بێت زانییاری هەبێت لەم سێ لایەنە گشتیەی، کە ستانداردی جیهانی بۆ مامۆستای دیاریکردووە ئەوانیش بریتین لە (زانییاری و معریفە، توانایی، بەهاو ڕەفتارەکان). هەرچەندە یەکێک لە ریفۆرم و گۆرانکارییە بنەڕەتیەکان بریتی بوولە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان بەشێوەیەکی گشتی و چۆنیەتی ئامادەکردنییان، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی مامۆستای لەم جۆرە ئامادەبکرێت بۆ ئەم سیستەمەنوێیە، ئەم سیستەمە کەوتە بواری جێبەجێکردن، بۆچوونی ئێمە ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی وایکرد تا ئێستاش ئەم سیستەمە کۆمەڵێک کەموکوڕی هەبێت. بەشێوەیەکی گشتی کەموکوڕییەکانی مامۆستا بریتین لەمانەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نزمی ئاستی زانستی مامۆستایان: کاتێک سیستەمی نوێی پەروەردە لەسالی ٢٠٠٨ کەوتە بواری جێبەجێکردن. زۆربەی مامۆستایانی قۆناغی بنەرەتی بریتیبوون لەو مامۆستایانەی، کە دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندی مامۆستایان بوو تەنها بەماوەی دووسال ئامادە دەکرا بوون. وەرگرتنی زانیاری تەنها بەماوەی دووسال زۆر کەم بوو بۆ ئەوەی ماۆستا بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە ناو ئەم سیستەمە نوێیە، چونکە لەم سیستەمە پێویستە مامۆستا بروایەکی تەواوی هەبێت بەبنەماکانی دیموکراسی و زانست و زانیارییەکی تەواوی هەبێت لەسەر رێگاکانی وانەگوتنەوە و زانستەکانی دەروونناسی، توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و کەرستەکانی فێرکاری هەبێت هەروەهازانیاری تەواوی هەبێت لەسەر چالاکیەکانی وەکو شانۆ و نواندن و وێنەکیشان و وەرزشکردن و دەسترەنگینی وخەتخۆشی،.....هتد. هەروەک لە کتێبی سیستەمی قوتابخانەبنەڕەتیەکان بەندی (٤١) لقی پێنجەم داهاتووە دەڵێت: دەبێت دەستەی مامۆستایان هەندێ شێوازی فێرکاری هاوچەرخ بەکاربهێنن، کە ئەمرۆ لەجیهانی پێشکەوتوودا بایەخیان پێدەدرێت، بەلام بەداخەوە مامۆستایان ئامادە نەبوون لەم لایەنانەوە، بەناچاریش بوونە رەگەزێکی گرنگی ناو ئەم پرۆسەیەو جێبەجێکاری ئەم سیستەمە نوێیە (حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سیستەمی قوتابخانە بنەرەتیەکان سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان. لا:29). یەکێک لەراپرسیەکان بەناوی هەلسەنگاندنی رەوشی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ( Kurdistan insitutite for human rights) ئەنجامدرا لە سالی ٢٠١٢ تیایدا ئەم پرسیارە (کۆسپەکانی بەردەم سیستەمی نوێی خوێندن لەچیدا دەبینیتەوە ؟) ئاراستەی (١٠٠٠) مامۆستا و (٥٠٠٠) قوتابی کرا، لە ئەنجامدا ٢١.٢٪ وەلامی مامۆستاکان و لە ٢٨.١٪ قوتابییان بەم شێوەیە بوو (کە مامۆستاکان ڕانەهاتوون بە سیستەمە نوێیەکەو بەمەش ئەدایان جیاوازە لەناوەرۆکی سیستەمەکە). لە ٤٤.٤٪ ی مامۆستایان پێیان وابوو ئەم سیستەمە شکستی هێناوە و هۆکارەکەشیان گەراندەوە بۆ ئەوەی، کە لاوازی ئاست و ئەدای مامۆستاکان لەجێبەجێکردنی سیستەمی تازەی کوردستانە (ئینیستیتوتی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ، 2012). ڕوون و ئاشکرایە بەرنامەو پرۆگرام و کتێبی بریاردراوی خوێندنی ئەم سیستەمە نوێیە، پێویستە بەرێگاو تەکنەلۆژیایە نوێیەکانی وەک داتاشۆو سەبوورەی زیرەک و تاقیگەکانی زانستی و دەنگی و کەرەستەفێرکارییەکانی تر بگوترێتەوە، بەلام بەشێك لە مامۆستاکان توانای ئەوەیان نیە، کە ئەم تەکنەلۆژیایانە بەکار بێنن، چونکە ئامادەنەکراون.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جگە لەوەش ئەم تەکنەلۆژیایانە لەبەشێکی زۆری قوتابخانەکان بونیان نیە. بەداخەوە مامۆستا بەپێی پلانێکی پێشوەختە ئامادەنەکرا لەلایەنی زانستی پەروەردەیی بۆ ئەم سیستەمە نوێیە پێش ئەوەی بخرێتە بواری پراکتیکیەوە.

خۆشنەویستنی کاری مامۆستایەتی لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان، ئەمەش رەنگە هۆکار هەبێت، ئەویش خراپی ئاستی بژیوی مامۆستایانە، کە ئەو بڕە پارەی وەریدەگرن بەشی ئەوە ناکات ژیانییان پێ دابین بکەن، لەبەر ئەوە پەنا دەبەنە بەر ئەوەی کارێکی تر ئەنجام بدەن و کاری مامۆستایەتی بە کاری یەکەمی خۆیان سەیر نەکەن. ئەمە وای کردووە بەدلسۆزییەوە نەڕواننە کارەکەی خۆیان کە مامۆستایەتیە. هەروەها زۆری بەشە وانەی ماۆستایان، لە کتێبی سیستەمی بنەڕەتیەکان لە بەندی ٣٦ داهاتووە، دەبێت مامۆستا هەفتانە ٢٤ وانە بلێتەوە ئەمەش وای کردووە مامۆستا هەست بەماندووبوونێکی زۆر بکات (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009، لا: 20). کەمی مامۆستای پسپۆر، بەتەواوی بۆ گشت بابەتەکان، زۆرجار مامۆستا بابەتێك دەڵێتەوە، کە پسپۆرییەکەی خۆی نیە.

**چوارەم: فەراهەم نەبوونی کەرستەکانی فێرکاری**

لەسەردەمی ئێستادا تەکنەلۆژیا لەژیانی ڕۆژانەماندا بەجۆرێک بوونی هەیە، کە گشت ژیانمانی داگیرکردووە، بۆتە گرنگترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەگشت بوارەکانی ژیانی خەڵکەوە هەیە. دەتوانین بلێین تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی دەدات بەتوانای گەیاندنی بابەتەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و کەمکردنەوەی کات. بێگومان ئەو پێشکەوتن و گۆرانکارییانەی کە ڕوودەدەن بەتایبەتی ئێستا، کە سەردەم سەردەمی تەکنەلۆژیایە، کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان دا هەیە، لایەنەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیساسی..هتد. بواری پەروەردەو فێرکردنیش بێبەش نەبووە لەم کاریگەرییانە، چ لە رووی چەمک یا ناوەرۆکەوە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دیارە. بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە رۆلیان دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و بەشدارن لەبەرەوە پێشەوەبردن و سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، دەتوانین دەستنیشانیان بکەین ئەویش بەپێی بەکارهێنانیان واتە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەریاندەخات، کە ئەو تەکنەلۆژیاو ئامێرانە بەشدارن لەم پرۆسەیە یان نا. ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەکنەلۆژیایانەی بەشداری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکەن پێیاندەگوترێت (کەرەستەکانی فێرکاری و روونکردنەوە)، گرنگترین ئەو کەرەستەوفێرکارییانەش بەشدارن لە ناو ئەم پرۆسەیە بریتین لە (تاقیگە، کۆمپیوتەر,tv، داتاشۆ، پرۆجێکتەر، ڤیدیۆ، ئامێری دەنگ تۆمارکردن، مایکریفۆن، هێدفۆن، سەبوورەی زیرەک، کتێبی رەنگاورەنگ، دەفتری چالاکی، وێنە، کارد، تابلۆ، مجسمات، يارييە فێرکارییەکان و يارييە ئەليکترۆنيەکان). ئەو تەکنەلۆژیایانە ئاسانکارییەکی زۆر دەکەن بۆ گەیاندنی ئەو زانست و زانیارییەی، کە مامۆستا بەتەمایە بیگوازێتەوە بۆ قوتابیان. بەخشینی خێرای و یەکسانی بە پرۆسەی فێرکردن دەدەن، هەروەها بەکارهێنانی کەرەستەکانی فێرکاری لەکاتی وانەگوتنەوە وا لە قوتابی دەکات هەموو هەستەکانی بەشدار بێت لە وەرگرتنی زانیارییەکان. بەشێوەیەکی گشتی تەکنەلۆژیای نوێ و کەرەستەفێرکارییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەروەردە (مامۆستا و قوتابی و بەرنامەو پرۆگرام بینای قوتابخانە، دایکوباوکی قوتابی)، بەجۆرێک کە کەرەستەی فێرکارییەکان هاوکارن لە دروستکردنی پەیوەندی کارلێکردن لە نێوان هەر پێنج رەگەزەکە. ئەگەر سەیری ناوەرۆکی سیستەمی نوێی پەروەردەی 2007 ی کوردستانیش بکەین وەکو هەموو سیستەمی ولاتە پێشکەوتووەکان بەتایبەتی بەرنامەو پرۆگرام (curriculum) ئەوا دەبینین پێویستیان بەکۆمەڵێک کەرەستەی فێرکاری و تەکنەلەتۆژیای نوێ هەیە تاوەکو مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوە بەکاری بێنێت تا بەئاسانی و خێراییەکی زیاترو کاریگەرتر بیانگوازێتەوە بۆ قوتابیان. بەپێی مادەکانی 1 و 2 و 5 و 6 و 7 لە برگەی 41 سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، سیستەمی نوێی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی هاوچەرخە گرنگی دەدات چەمکەکانی ناو بەرنامەکان، و هەوڵدەدات مۆدێرینترین شێوازەکانی فێرکردن و فێربوون پشت بەست بە تەکنەلۆجیای نوێ بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەروەها ئامرازی نوێی فێرکردن، یاری، شانۆگەری و نمایش، نیگارکێشان و وێنەکێشان بەشێکی سەرەکین لەم سیستەمە نوێیەی پەروەردەدا (حکومەتی هەریمی کوردستان، ٢٠٠٩). بەلام زۆر بەداخەوە لەکوردستان لەکاتی گۆرینی سیستەمی پەروەردە بەگوێرەی پێویست بیر لەوەنەکراوە، کە ئەو کەرەستەفێرکارییانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە چین تاوەکو دابین بکرێت و فەراهەم بکرێت. بەجۆرێک کە تائێستاش لەناو بەشێکی زۆری قوتابخانەکان کەمترین کەرەستەی فێرکاری و تەکنەلۆژیا نوێیەکان دەبینرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەراستیدا ئەمە هۆکارێکی زۆر کاریگەرە وایکردووە ئەم سیستەمە سەرکەوتوو نەبێت، زۆربەی مامۆستاکانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی کوردستان لەکاتی وانە گوتنەوە تەنها کتێبی بڕیاردراوی خوێندن و سەبوورە و هەندێ جار وێنەش زیاترکەرەستەیەکی فێرکاری نوێ بەکار ناهێنن. واتا لەناو پۆل و لەکاتی واتنە گوتنەوە کەمترین کەرەستەی فێرکاری دەبینرێت.

نەبوونی کەرەستەفێرکارییەکان لەناو پۆل کێشەی زۆری بۆ ئەم سیستەمە نوێیە دروستکردووە و زیانێکی زۆریشی بە قوتابی و مامۆستایانیش گەیاندووە. بەجۆرێک لەناو پۆلی قوتابخانەکان هەرێمی کوردستان کە ئابورییەکی باشی هەیە، بەگوێرەی پێویست ئەم کەرەستانە نابینرێت، نەبوونی کۆمپیوتەر، tv، برۆجێکتەر، داتاشۆ، تەنانەت تەسجیل، سەبوورەی زیرەک، کتێبی ئەلیکترۆنی و رەنگاو رەنگ، یارییە فێرکارییەکان، تاقیگە زانستی و دەنگیەکان، لەکاتێکدا ولاتانی وەک ئوکراینا یان پۆلەندا یان ئیتالیا، کە من خۆم سەردانی زۆربەی قوتابخانەکانی ئەم ولاتانەم کردووە هەموو ئەو کەرستەفێرکارییانەی سەرەوە، کە پێویستن لەناو پۆلێکی قوتابخانەی ئاسایی دەبینرێت. هەر لەم راپرسییەی کە ئینیستووتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجامیدا لەسالی ٢٠١٢ تیایدا ئەم پرسیارە (کۆسپەکانی بەردەم سیستەمی نوێی خوێندن لەچیدا دەبینیتەوە؟) ئاراستەی (١٠٠٠) مامۆستا و (٥٠٠٠) قوتابی کرا، لە ئەنجامدا لە ٤٧.١٪ وەلامی مامۆستاکان و لە ٣٦.٥٪ قوتابیان بەم شێوەیەبوو (پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی سیستەمەکە دابین نەکراوە لە کادروشوێنی پێویست و تاقیگەو کەرەستەکانی فێرکاری). واتا رێژەیەکی زۆر لەمامۆستاو قوتابیان ڕایان وایە، کە کەرەستەکانی فێرکاری فەراهەم نیە لە ژینگەی قوتابخانەکانی کوردستان ئەمەش وای کردووە ئەم سیستەمە تازەیە کۆمەلێک رەخنەو کەموکوڕیی لەسەر بێت. بەمەش جارێکی تر بۆمان دەرکەوت کاتێک سیستەمی نوێ کەوتە بواری جێبەجێکردن پلانێکی پێش وەختە نەبوو بۆئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە ئایا چ جۆرە تەکنەلۆژیاو کەرەستەی فێرکاری پێویستە بۆئەوەی بتوانرێت دابین بکرێت پێش ئەوەی کە بگاتە ئەو ڕادەیەی، کە کاتێک بەپێی ئەم راپرسیەی لەسەرەوە باسمان، کە پرسیارێکی تر ئاراستەی ١٠٠٠ مامۆستا و ٥٠٠٠ قوتابی دەکات بەوەی، کە ئایا سیستەمی نوێی خوێندن چۆن هەلدەسەنگێنێت لە ٤٤.٤٪ وەڵامی مامۆستاکان بەم جۆرە بێت بلێن شکستی هێناوەو لە ٥٢.٢٪ وەلامی قوتابیانش بەهەمان شێوە بلێین شکستی هێناوە (ئینیستیتوتی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ، 2012).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم: ئەوکێشانەی ڕووبەڕووی قوتابی بوونەوە لەکاتی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.**

ئەگەر ڕۆژێک لەرۆژان قوتابی نەمێنێت ئەوا گومان لەوە دانیە، کە دەبێت دەرگای قوتابخانەکان دابخرێن و وەزارەتێکیش نەمێنێ بەناوی وەزارەتی پەروەردە، چونکە وەزارەت و قوتابخانەو پرۆسەی پەروەردە لەچوارچێوەی دامودەزگایەکی فەرمی، ئەوانە هەموویان لەبەر قوتابیان دامەزراون. گرنگترین ڕەگەزی پرۆسەی پەروەردە، کە ئامانجی یەکەمی پرۆسەکەیە بریتیە لە قوتابی، لەبەر ئەوە گرنگە کاتێك گۆرانکاری دەکەیت لەیەکێک لە برگەو لایەنێکی سیستەمی پەروەردە پێویستە بەرژەوەندییە بالاکانی قوتابی ڕەچاو بکرێت، بیروڕای قوتابیان و خێزانی قوتابیان وەربگیریت، بەلام کاتێک لە هەرێمی کوردستان سیستەمی پەروەردە لە ڕەگوریشەوە دەگۆردرێت، لەکاتێکدا ژمارەی قوتابیان لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن لەسالی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بریتی بوو ١١٩٣٩٦٨ تەنیا ١٤٦٠ قوتابی رای وەردەگیرێت واتە لە ٠,١٢٢٪ ئەمەش لەرێگەی دابەشکردنی فۆرمێک کە لە ٣٥ پرسیار پێکهاتبوو. (عمر تاهر معروف، 2007). ئەمە یەکێکبوو لەهۆکارەکان، کە کاتێك ئەم سیستەمە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، قوتابی ڕووبەڕووی چەندین کێشە ببێتەوە. کە ئەمانەن:

**نزمی ئاستی فێرکردنی قوتابیان**: یەکێک لەو گۆرانکارییانەی لەناو سیستەمی پەروەردەدا کرا بریتی بوو لە گۆرانکارییکردن لە جێبەجێکردن و میکانیزمەکانی ئەزموونەکان، بەتایبەتی لە پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی، نەمانی تاقیکردنەوە لەم پۆلانەو نەمانی دیاریدەی کەوتن لە پۆلەکانی ٣,٢,١ ی بنەڕەتی. کێشەی زۆری بۆ قوتابیان دروستکرد بەتایبەتی لەرووی ئاستی زانستیەوە، بووە هۆی ئەوەی قوتابی بنچینەیەکی زانستی سەرکەوتوو دانەنێت لەم سێ پۆلە، کاتێک دەبێتە پۆلی چوارەم کەمترین زانیاری وەربگرێت و فێربێت. دەرکەوتووە کاتێک قوتابی دەچێتە پۆلی چوارەم بەشێکی زۆریان بەباشی نەتوانن بنوسن و بخوێنەوە، چونکە دەرکردنی بڕیاری نەمانی دیاریدەی کەوتن لە پۆلەکانی ٣,٢,١ ی بنەڕەتی لەم سیستەمە نوێیە وای کردووە ئەگەر قوتابی لەم پۆلانە زۆر خراپیش بێت هەر دەربچێت و نەمێنێتەوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەم جۆرەی سیستەمی پەرینەوەی قوتابی لەم پۆلانە پێویستی بە قوتابیانێکە دەرچووی باخچەی مندالان بن تەواو ئامادەکرابن لە لایەنەکانی (ژیری و جەستەیی و دەروونی و زمانەوانی و کۆمەلایەتی) و کۆمەلێک زانیاری تر، کە لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەمەنە قوتابی پێویستی پێیەتی. بەلام لە کوردستان بەهیج جۆرێک مەرج نیە مندال بە قۆناغی باخچەی مندالان داچوویێت ئینجا وەربگیرێت. بۆ نموونە لە کتێبی سیستەمی قوتابخانە بنەرەتیەکانی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان لەوەرگرتنی قوتابیان بەندی (١٩) دا هاتووە، کە هەموو منداڵێک لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی وەردەگیرێت بەپێی چەند مەرجێك بەلام هیچ لەم مەرجانەدا نەهاتووە، کە دەبێت قوتابی باخچەی مندالان تەواو بکات ئینجا وەربگیرێت لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009، لا: 15).

ئەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئەو مندالانەی لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی فێری خوێندنەوەونووسین دەکرێن زۆربەیان قۆناغی باخچەی مندالانیان نەبینیوە واتا پێشینەیەکی ئامادەکراوییان نیە لە لایەنەکانی ژیری و دەروونی جەستەیی و کۆمەلایەتی. پرۆسەی فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین بۆ مندالانی شەش سالان بەبێ ئامادەکردنێکی پێشوەختە کارێکی گران و ئەستەمە منداڵ بە زەحمەت فێری دەبێت، کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت کۆمەلێک توانستی خۆرسکی هەیە، بەڵام سەرەتا پێویستە ئەم توانستانە گەشەبکەن ئینجا ڕاهێنانیان پێبکرێت قۆناغ بەقۆناغ دواتر ئامادەبێت بۆ قۆناغەکانی دوایی، ئینجا فێردەبێت، بێگومان قۆناغی پێش دەستپێکردنی قۆناغی بنەڕەتی باخچەی مندالانە، کە بەداخەوە ئەگەر سەیری ژمارەی باخچەی مندالانی کوردستان بکەین بەپێی ئامارێك لەسالی 2013 لەوێبسایتی فەرمی وەزارەتی پەروەردە بلاوکرابۆوە دەبینین لەسالی 2011-2010 لە هەموو کوردستان تەنها ٣10 باخچەی مندالان هەیە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی قوتابخانەبنەڕەتیەکان کە ٤٥53 قوتابخانە هەیە. جگە لەمانەش کەموکورییەکی زۆر هەیە لەو باخچەی مندالانەی هەن لە کوردستان لەڕووی بەرنامەو پرۆگرامەکانیان، هەروەها کادرەکانیان کەسانی خاوەن بڕوانامەی تایبەت بەو بوارە نین و ئەم باخچەی مندالانەش لەڕووی تەندروستیەوە بێ کێشە نین. سەربارەی ئەمانەش قوتابیان لەم قۆناغانەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی ناکەون و نامێننەوە، بێگومان ئەوە کاریگەری لەسەر ئاستی زانستی مندال دروست دەکات، وادەکات منداڵ لەم قۆناغانانە کەمترین زانیاری وەربگرێت و فێربێت.

**لاوازی پەیوەندی دایکوباوکی قوتابی بە قوتابخانە:** لەکاتی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بیروبۆچونی دایک و باوکی قوتابیان وەرنەگیرا بەلگەش بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(بەڵگەنامەکانی کۆنگرەیی پەروەردەی لەرۆژانی ٢٠٠٧/٥/٢٢-٢٠٠٧/٥/٢٤ بەسترا ) لاپەرە ٩٧ تا ١٠٥ هەموو ئەو کۆرو سیمینارو کۆبوونەوەو کۆنفرانسو راپرسی و چاوپێکەوتنانەی تێدایە، کە لەگەل لایەن و ناوەندەکان دا کراون، بەڵام نابینین بیروڕای دایک و باوکی قوتابیان وەرگیرابن، بێگومان ئەمە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوەی دایکوباوکی قوتابی لەقوتابخانەکان و لاوازی پەیوەندییان بە قوتابخانەکان، چونکە کەمترین زانیارییان هەیە لەسەر ئەم سیستەمە نوێیە، بەدوورکەوتنەوەی دایکوباوکی قوتابی قوتابیش خۆی بەنامۆ دادەنێت لە قوتابخانەو هەست دەکات کە دابراوە لە کەس و کاری، قوتابخانەشی خۆش ناوێت بە شوێنێکی ناخۆش ونامۆ سەیری دەکات، هەمیشە بیری ماڵەوەو دایکوباوکی دەکات و پەلەی ئەوەیەتی زوو بەزوو زەنگی کۆتایی لێبدرێت و بچێت بۆماڵەوە، جگە لەوەی زۆر بەکەمی دایکوباوکی قوتابیان بەشداری چالاکی قوتابخانەکان دەکەن، کۆبوونەوەی بەرێوەبەرایەتی قوتابخانەش لەگەل دایکوباوکی قوتابی لە ساڵێکدا تەنها دوو جارە ئەمەش بۆ لێپێچینەوەو گلەیی کردنە یان ئافەرین و دەستخۆشی کردنە لە قوتابی، کە لەم کاتانەدا قوتابی هەست بەترسی و دڵەراوکێەکی زۆر دەکا. کەواتە لاوازی پەیوەندی دایک وباوکی قوتابی بەقوتابخانەو بێئاگاییان لەم سیستەمە، کاریگەری دەکاتە سەر دەروونی قوتابی بەوەی، کە قوتابخانە بەشوێنێکی نامۆ دابنێت و خۆشی نەوێت.

**قوتابی سەنتەری فێرکردن نیە:** بەرنامەو پرۆگرامەکانی ئەم سیستەمە نوێیە پێویستی بەوە هەیە کە لەناو پۆل سیستەمی گرووپ پەیڕەو بکرێت، ژمارەی قوتابیان لە ٢٥ زیاتر نەبێت، بەشدارییپێکردنی زۆرترین کەرەستەکانی فێرکاری و یارییە فێرکارییەکان و ئەنجامدانی زۆرترین چالاکیی بەبەشداریکردنی قوتابییان، بەلام ژمارەی زۆری قوتابیان لەناو پۆل هۆکارە، کە نەتوانرێت ئەمانە جێبەجێ بکرێت، بەمەش قوتابی نابێتە سەنتەری فێربوون، بەلکو زۆربەی کاتەکان لەناو پۆل تەنها دابنیشێت و گوێبگرێت و کەمترین دەربڕینی هەبێت لەسەر بابەتەکان، چونکە ژمارەی قوتابیان زۆرەو کاتەکەش بەشی هەموویان ناکات. هەروەها بەکارهێنانی رێگاکانی وانە گوتنەوە لەلایەن بەشێکی زۆری مامۆستایان کە رێگەو شێوازی کۆن بەکار دەهێنن، بەتایبەت ئەو رێگایانەی کە قوتابییان رۆلییان بزرەو پاسیڤە. ئەم جۆرەی وانەگوتنەوە کەمترین هەل بۆ قوتابی دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی رای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆی دەربرِێت، بێگومان ئەمانەش پێچەوانەی ئامانجی پەروەردەی هاوچەرخن، کە هەوڵدەدات قوتابی تەوەری سەرکی بێت .

سیستی و لاوازی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی، کە تەنها خۆی لەچوارچێوەی قوتابخانەدا دەبینێتەوە، هەندێک جار لە چوارچێوەی پۆل دەرناچێت، ئەمەش وادەکات کە قوتابی مامۆستای خۆش نەوێت. پوکانەوەی بەهرەی قوتابیان لەم سیستەمە نوێیە بەهۆی نەبوونی کەرەستەکانی فێرکاری و نەبوونی مامۆستای تایبەت بۆ ئەوەی هەولی دۆزینەوەی بەهرەی قوتابیان بدات. بێبەشبوونی قوتابیان لە هونەری وێنەکێشان و خەتخۆشی کارەدەستیەکان و یارییە وەرزشیەکان. چونکە هەتا ئێستاش بابەتی هونەر و وەرزش بێ مەنهەجن لەگەل ئەوەش گرنگی پێنادریت .

**بێزاربوونی قوتابی لەناو پۆل لەم سیستەمە نوێیە:** بەکارهێنانی رێگا کۆنەکانی وانە گوتنەوە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری مامۆستاکانی ناو سیستەمی نوێی پەروەردەی کوردستان وای کردووە وانەیەکی کاریگەر دروست نەبێت لەسەر قوتابیان، کە ئەم رێگا کۆنانە زیاتر مامۆستا بەشدار دەبێت و قسەدەکات بەمەش کەمترین کات قوتابی بەشدار دەبێت. واتە کارلێک ڕوونادات لە نێوان ڕەگەزەکانی پروسەی پەروەردەکردن. بۆ ئەوەی وانەیەکی کاریگەر دروست بێت دەبێت مامۆستا رێگانوێییەکانی وانە گوتنەوە بەکاربێنن وەکو رێگای گرووپ و پرۆژەو بەکارهێنانی زۆرترین کەرەستەکانی فێرکاری و چالاکی یارییە فێرکارییەکان و بەشدارییپێکردنی زۆرترین قوتابی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بۆئەوەی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەروەردە کارلێک لەگەڵ یەکتری بکەن و قوتابی بێزار نەبێت.

ئەم سیستەمە نوێیە هیچ گرنگیەگی بە پشووی هاوینەو پشووەکانی تری قوتابی نەداوە کاتێک پشووی هاوینە دێت قوتابیان بەتەواوی دوور دەکەونەوە لە هەموو جۆرە فێربوونێک و چالاکیەک، کە رێکخرابێت لەلایەن ئەم سیستەمەو بەبێ سەپەرشتیاری پەروەردەی دەمێننەوە. نەبوونی باخچەو یارییەفێرکارییەکان و کافتریایەکی مۆدێرن لە زۆربەی قوتابخانەکان کێشەیەکی ترن بۆ قوتابیان. هەروەها زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان پاک و خاوێن نین، واتا سەلامەت نەبوونی تەندروستی قوتابیان لە سیستەمی نوێی پەروەردە یەکێکی ترە لە کێشەکانی قوتابیان. ئەم سیستەمە نوێیەو یاساکانی ئەم سیستەمە نوێیە بەتەواوی ڕەچاوی پێداویستسەکانی قوتابی نەکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شەشەم: ڕەنگنەدانەوەی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندنی سیستەمی پەروەردەی کوردستان:**

یەکێکی تر لەرەگەزە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردە بریتیە لە پرۆگرام و کتێبی بریاردراوی خوێندن ، واتە پرۆگرام یەکێکی ترە لە پێنج کۆلەکە سەرەکیەکەی پرۆسەی پەروەردە. پرۆگرام و کتێبی بریاردراوی خوێندن زادەی بیری مرۆڤەکانە، دادەرێژرێت لەلایەن دەولەتەوە لەرێگەی لێژنەیەک، کە پێکهاتوون لە کۆمەلێک لە شارەزایانی پەروەردەیی و زانستەکانی تر، بەجۆریک ئەم بەرنامانەو پرۆگرامانە دادەرێژرێن، کە بگونجێت لەگەل ئەو زانست و پێشکەوتنانەی لەسەردەمی ئێستادا بوونیان هەیە، بەڕەچاوکردنی بنەما دیموکراسیەکان و بەها بەرزەکانی مرۆڤ و پاراستنی سەروەرەییەکانیان و مافەکانیان، هەروەها پۆلێنکردنیان بەگوێرەی ئاست و تەمەنی مرۆڤەکان. هەر ولاتێک ئامانج و ستراتیژیەت و دووربینی خۆی لە ئامانجە پەروەردەدییەکاندا دەبینیتەوە، واتا کاتێک هەر ولاتێک بیەوەی ئامانجە گشتیەکانی خۆی وەکو ئامانجەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، رۆشەنبیری، بەدەست بێنێت ئەوا لەرێگەی ئامانجە پەروەردەییەکان بەدەستی دێنێت واتا لە کاتی دارشتنەوەی سیستەمی پەروەردە بەتایبەتی دارشتن و دانانی بەرنامەپرۆگرام و دیاریکردنی ئامانجەکان. سیاسەت و ئامانجە دوورەکانی دەولەت دیاریدەکرێت ئەمە فەلسەفەی پەروەردەیی پێدەگوترێت (رەسول، 2013).

واتا فەلسەفەی پەروەردەیی لەرێگەی دارشتنەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان و جێبەجێکرنی بەرنامەو پرۆگرامی خوێندن دێتە ئاراوە و دەکەوێتە بواری پراکتیکیەوە. فەلسەفەو پەروەردە دوو چەمکن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. یەکێکی تر لەو کەموکورییانەی لە سیستەمی نوێی پەروەردەی کوردستاندا هەیە بریتیەلە خراپی پرۆگرامەکان و ڕەنگنەدانەوەی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نیشتیمانی لەم پرۆگرامانەیە. بەرنامەو پرۆگرامی ناو سیستەمی نوێی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوای چەندین ریفۆرم و گۆرانکاری بەشێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو تائێستاشی لەگەل دابێت لەگۆرانکاری بەردەوام دایە لەگەل ئەوەش بێ کەموکوری نیە.

ڕەنگنەدانەوەی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نیشتیمانی لەناو بەرنامەو پرۆگرامی خوێندن، کە ئاخۆ چ جۆرە مرۆڤێک دێتە بەرهەم لەرێگای ئەم پرۆگرامانە. ئایا مرۆڤێکی عقل سەرمایەداری یاخود عقل

پیشەسازی یاخود دیکتاتۆری یاخود دیموکراسی یاخود ئاشتی حواز یاخود فاشیست... هتد. کاتێک پرۆگرامی خوێندن دادەنرێت ئەوا بابەت و ناوەرۆک مەبەست و ئامانج و ئەو زانست و زانیارییانەی کە لەخۆ دەگرێت دەبێت پشت بەست بێت بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نیستیمانی رەچاوی بەرژەوەندییەبالاکانی هاولاتیانی خۆی بکات. هەروەها لەکاتی دارشتنەوەی فەلسەفەی پەروەردەی هەر ولاتێک پێویستە رەچاوی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و ئاستی رۆشەنبیری و فەرهەنگی و بەها و پیرۆزییەکانی ئەو کۆمەلگایە هاوکات لەگەل دۆخی کات و شوێنی لەبەرچاوبگیرێت، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقی فیدرال. هەرێمی کوردستان بەشێکی کوردستانی گەورەیە، خاکەکەی دابەشکراوە، هەروەها نەتەوەی کورد لەگەل ئەوەی خاکەکەی داگیرکراوە، بەلام نەتەوەیەکە حەز بە ئاشتی و دیموکراسی و پێکەو ژیان و پێشکەوتن و زانست و زانیاری نوێ دەکات. کوردستان کۆمەلێک تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ نموونە کوردستان لەرووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی فرەجۆرە، بۆیە پێویستە بەسوود وەرگرتن لە سیستەمی پەروەردەو پرۆگرامەکانی ناو ئەم سیستەمە، کە بریارە بخوێنرێت بە ئامرازو کەرەستەیەکی کاریگەرو گرنگ دەژمێردرێت لەبواری هێنانەدی چاکسازی و بەرەوپێشەوەبردن و هێنانەدی ئاشتی و دیموکراسی ئەم ئامانجانە بهێنرێتەدی (عەبدوڵا،2010، لا: 78-79).

کاتێک سیستەمی پەروەردە دادەرێژیت پێویستە هەموو ئەو بابەتانەی باسمانکرد ڕەنگ بداتەوە لەناو فەلسەفەی پەروەردەیی، بەلام بەگوێرەی پێویست فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نیشتیمانی روون نابینرێت لەناو سیستەمی پەروەردەی نوێی کوردستان. بەشێوەیەک ڕەنگنەدانەوەی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن زۆر بەئاسانی هەستی پێدەکرێت. تائێستا لە کوردستان ڕوون نیە چ جۆرە تاکێک ئامادە دەکرێت لەرێگەی سیستەمی نوێی پەروەردە، ئایا مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەرە، سەرمایەدارییە، دکتاتۆریە، دیموکراسیخوازە.. هتد. لەبەر ئەوە پێویستە ئامانجە بنەڕەتیەکانی سیستەمی پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی، نەتەوەیی، بڕوابەخۆبوون، زانستی و پەروەردەکردن بۆ کارو ژیان بنیات بنرێت. ئێمە لەسالی 2015 لێکۆلینەوەیەکمان بەزمانی ئینگلیزی لە گۆڤاری Problemy Wczesnej Edukacji/Issues in

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Early Education 11/4(31), 122-13 بەدرێژی دەربارەی رەنگنەدانەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی نیشتیمانی لەناو مەنهەجی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بلاوکردۆتەوە.

## دەرئەنجام:

1. هەرێمی کوردستان لەدوای ئایاری سالی 2007 بووبەخاوەن سیستەمێکی نوێی پەرەووەردەیی تایبەت بەخۆی و هەلقولآوی گەلی کورد بێت.
2. هەبوونی چەندین کەمووکوڕی لەناو سیستەمی پەروەردەی کوردستان لەگەل ئەوەی، کە تاساڵی 2015 چوارجار کۆنگرەی پەروەردەی بەستراوبوو.
3. سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وەکو تیۆری تارادەیەک بێ کەمووکوڕییە، بەلام کاتیک دێتە بواری جێبەجێکرن دووچاری کۆمەلێک کەموکوری دەبێتەوە، هەروەها میکانیزمەکانی جێبەجێکرنی ئەم سیستەمەو ژینگەی ئەم سیستەمە کەمووکوڕییان هەیە، لەو ئاستەدا نین، کە ئەم سیستەمە مەبەستیەتی وەکو (مامۆستا. بینایەی قوتابخانە، کەرەستەکانی فێرکاری).
4. ستاف و کادرو مامۆستایانی ناو ئەم سیستەمە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن ئەمەش وای کردووە کە سیستەمی پەروەردە بەشێوەیەکی زانستی سروشتی نەچێت بەرێوە.
5. هەریەك لە رەگەزەکانی ناو ئەم سیستەمە کە بریتین لە مامۆستا، قوتابی، بەرنامەو پرۆگرام(منهج)، بینایەی قوتابخانە و کەرەستەکانی فێرکاری، دایکوباوك کۆمەلێك کەموکوریيان هەیە.
6. نەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ڕوون لەناو سیستەمی پەروەردەی هەریمی کوردستان.

## ڕاسپاردەکان:

1. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی چەند لێژنەیەکی تایبەت هەڵبستێت بەدەستنیشانکردنی کەموکورییەکانی ئەم سیستەمە.
2. دەست نیشانکردنی کەموکورییەکان، پاشان دانانی پلانێکی پێشوەختی پشت بەستوو بەبنەما زانستیەکان، کەخوێندنەوەیەک بۆ هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان بکاتک کە دێنە پێشەوە، بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەم کەموکورییانە چارەسەر بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان لەرێگەی بەهێزکردنی ئەو بابەتانەی، کە دەخوێنرێت لەکۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆکانی کوردستان، هەروەها کردنەوەی خولی بەردەوام و ناردنە دەرەوەی مامۆستایان.
4. ئامادەکرنی ژینگەیەکی پەروەردەیی بۆ قوتابیان لەرێگەی دروستکردنی بینایەی قوتابخانەی مۆدێرن بەگوێرەی ستاندارده جیهانیەکان و نۆژەنکردنەوەی بینایە کۆنەکان.
5. گرنگیدان بەرێگاکانی وانەگوتنەوە و بەکارهێنانی چالاکی و بەشداری پێیکردنی قوتابیان لەناو پۆل.
6. دابینرکردنی پێداویستیەکانی قوتابیان بەتایبەتی کەرەستە فێرکارییەکان و تەکنەلۆجیا نوێکان و دامەزراندنی پۆل و تاقیگەی هاوچەرخ.
7. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دایک و باوکی قوتابیان و مامۆستایان.
8. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابیان.
9. پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن .
10. گرنگیەکی ئێجگار زۆر بدرێت بە قۆناغەکانی باخچەی مندالان و قۆناغی بنەرەتی بەتایبەت بازنەی یەکەم. دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان و دانانی پرۆگرامێک لەسەر بنچینەیەکی زانستی ببێت.

## سەرچاوەکان:

### 1-سەرچاوە کوردییەکان:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، (2009). سیستەمی قوتابخانە بنەرەتیەکان سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان، هەولێر.
- حەمەد، یوسف عسمان، (2005). تیۆرییەکانی پەروەردە و فێربوون. هەولێر.
- رەسول، حەمەی ئەحمەد، (2013). پەروەردەو فەلسەفە، زانستی سەردەم.
- سادق، پشتیوان، (2014). چاوپێکەوتنی وەزیری پەروەردە لە رووداو. هەولێر.
- عەبدولا، چنار سەعد، (2010). پەروەردەو نەتەوایەتی، هەولێر.

- کۆنفرانسی سێیەمی وەزارەتی پەروەردەیی،هەولێر، (2001). لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست کوردستانیکی خالی لە نەخویندەواری، هەولێر.
- کۆنفرانسی وەزارەتی پەروەردە هەریمی کوردستان، (1997). بەگیانی سۆزی کوردایەتی بۆ ئایندەی پەروەردەو زانست دەروانین، هەولێر.
- کۆنگرەی پەروەردەیی سێهەم، سلێمانی، (2001) . لەژێر دروشمی گەشەپێدانی پەروەردە، سلێمانی.
- لێژنەی ئامادەکردنی یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیی، (1992-1993). بریاروراسپاردەکانی یەکەمین کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر.
- معروف، عمر تاهر، (2007). بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، لەژێر دروشمی گۆرینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆرانکارییەکانەلەسیستەمی پەروەردەوفێرکردندا، هەولێر.
- وەزارەتی پەروەردە (2013)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە 2022/9/5 وەرگیراوە لە-http://archive.gov.krd/moe/moe-krg.com/pwxtae-amar-hareme-kurdistan-_1980-2012e62f.pdf?file=/Files1/Documents/pwxtae-amar-hareme-kurdistan-_1980-2012.pdf&id=8922.
- ئەمین رەزا، عمر محمد. (2009). سیستەمی نوێی خویندن و گۆڕانکاری، سلێمانی
- ئینیستیتووتی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ، (2012). پرۆژەی هەلسەنگاندنی رەوشی پەروەردە لە هەریمی کوردستان، هەولێر.

## Shortcomings of the Kurdistan Region's Education System after the Reforms from 2007

**Dr. Haval Hussein Saeed**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
haval.saeed@su.edu.krd

***Keywords:*** *Education, Education System, Shortcomings, Kurdistan Region, Educational Congresses, Reform May 22-24, 2007.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract:

This study aims to identify the shortcomings of the education system in the Kurdistan Region, particularly after the reform of May 24, 2007 until 2015. In this study, the researcher discussed the education situation and the education system in the Kurdistan Region within the framework of a theoretical background, and all the congresses held in the education system from 1993 to 2015. On the basis of the data gathered, the weaknesses of this system were identified and analysed in six points in detail. In conclusion, the researcher found that although the Kurdistan Region has had its own new education system after May 2007, the structure of this system in all six elements, which include teachers, students, school buildings, curriculum and parents of students have many shortcomings. Consequently, a number of recommendations are put forward to address these shortcomings.

## نواقص نظام التربية في اقليم كوردستان بعد اصلاح سنة 2007

### الملخص

خصص هذا البحث لتحديد نواقص نظام التربية في اقليم كوردستان وخاصة بعد اصلاح 24 ايار سنة 2007 حتى 2015، في هذا البحث وخلال اطار تاريخي نظري تحدث عن وضع التربية ونظام التربية في اقليم كوردستان، وان جميع المؤتمرات التي عقدت لنظام التربية في سنة 1993 حتى سنة 2015 ثم بالاعتماد على المعلومات المجمعة والمصادر، تحدثنا عن نواقص هذا النظام في ست نقاط بنوع من التفصيل. في نتيجة هذا البحث اتضح للباحث، بانه على الرغم من اقليم كوردستان بعد ايار سنة 2007 اصبح ذو نظام جديد تربوي خاص بذاته، لكن مكونات هذا النظام بعناصره الستة، التي تجد نفسها في (المعلم، الطالب، البناء وبيئة المدرسة، المنهج، اباء وامهات الطالب) لديها نواقص كبيرة، ولهذا الغرض وبعد تحديد النواقص، نضع مجموعة من التوصيات لمعالجة هذه النواقص.